ڕێبەری

# هەڵبژاردنەکانی سوید

**13ی ئەیلولی 2026**

- هەڵبژاردنی پەرلەمانی سوید
- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی هەرێمەکان
- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان


**ئارام جەمال سابیر**

سەرۆکی پەیمانگەی کوردی

بۆ هەڵبژاردن KIE

**سەربەست مستەفا ڕەشید**

سەرۆکی ڕێکخراوی ستێپ بۆ

دیموکراسی و هەڵبژاردن





ئەیلول -2026



- **ناونیشان:** هەڵبژاردنە گشتییەکانی سوید – (13 ئەیلولی 2026)
- **ئامادەکاران: - ئارام جەمال:** سەرۆکی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE
  **– سەربەست مستەفا:** سەرۆکی ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن
- **جۆری بابەت:** هەڵبژاردن و دیموکراسی
- **بەرواری دەرچوون:** ئەیلولی 2026

لە بڵاوکراوەکانی
پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE - ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن

---

### پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE

ڕێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆی قازانجنەویستە، ناوەراستی ساڵی (2002) لەلایەن چەند یاساناس و پارێزەرێکەوە دامەزرێنراوە، هەوڵدەدات لە پێناو بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی مەدەنیی دەنگدەران و پشکداریی لە هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنە گشتییەکان و چاودێریکردنی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان.

### ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن

ڕێکخراوێکی نیشتمانیی سەربەخۆی ناحکومی قازانجنەویستە و چاودێریی هەڵبژاردنە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکات و خۆبەخشانە هەوڵدەدات لەپێناو بەرزکردنەوە و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی لە بوارەکانی هەڵبژاردن، دیموکراسی و حوکمڕانی باشدا.

**بۆ پەیوەندیکردن:**
7701573210 / 07504840094

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پوختەی جێبەجێکار | 4 |
| پێشەکی | 6 |
| کات و وادەکانی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا | 7 |
| چێوەی یاسایی هەڵبژاردنەکانی سوید | 7 |
| مافی دەنگدان | 9 |
| مافی دەنگدانی سەربازان، زیندانییەکان و نەخۆشەکان | 10 |
| مافی خۆپاڵاوتن | 11 |
| میکانیزمی ریزکردنی کاندیدەکان لە ناو لیستی هەڵبژاردندا | 12 |
| یەکسانی رەگەزیی لەناو لیستەکانی هەڵبژاردندا | 13 |
| رەنگی کارتەکانی دەنگدان | 14 |
| شێوازەکانی دەنگدان | 14 |
| ژمارە و قەبارەی بازنەکانی هەڵبژاردن | 15 |
| سیستمی هەڵبژاردن (Electoral System) | 17 |
| میکانیزمەکانی دابەشکردنی کورسییەکان | 17 |
| بەربەستی هەڵبژاردن (Threshold) | 18 |
| دامەزراوەی سەرپەشتیاری هەڵبژاردنەکان | 20 |
| هاوکاریی دارایی دەوڵەت بۆ پارتە سیاسییەکان | 21 |
| کۆنترۆڵکردنی خەرجییەکان و سزادانی سەرپێچیکەران | 22 |
| نەبوونی شەفافیەتی دارایی و سەندنەوەی متمانەی گشتی | 22 |
| بڕی بەخشینی کەسانی ناسراو و نەناسراو بە پارتی سیاسی | 23 |
| بەرزترین سەقفی بەخشینی ناوخۆیی | 23 |
| بەرزترین سەقفی بەخشینی دەرەکی | 23 |
| چاودێرانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی | 24 |
| جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکان و راگەیاندنی ئەنجامەکان | 25 |
| سکاڵا و تانەدان و کاریگەرییەکانی | 26 |
| هەڵبژاردنی پەرلەمانی سوید (2022) | 28 |
| پێکهێنانی حکومەتی نوێ (2022) | 30 |
| پێکهێنانی حکومەت بە دەنگی "نەخێر" نەك "بەڵێ" | 31 |
| هەڵبژاردنی پەرلەمانی سوید (2026) | 33 |
| ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی سوید (2026) | 34 |
| بەراوردکاریی نێوان دوو هەڵبژاردنی (2022) و (2026) | 35 |
| دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی سوید (2026) | 36 |
| پاشکۆ: پێگەی کورد لە هەڵبژاردنەکانی سویددا | 39 |
| سەرچاوەکان | 41 |

## پوختەی جێبەجێکار:

ئەم ڕێبەرە وەسفی و شیکارییە، لەلایەن پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن (KIE) و ڕێکخراوی ستیپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن (STEP) ئامادەکراوە، بە مەبەستی پێشکەشکردنی تێڕوانینێکی گشتگیر و زانستی لەسەر کۆی ڕەهەند و میکانیزمەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی سوید بە گشتی و لە نێویشیدا ئەنجامی کۆتایی پارتە سیاسییە براوەکانی بەرەی چەپ و راستڕەو لە هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمانی سوید (Riksdag)، کە رۆژی 13ی ئەیلولی 2026 بەڕێوەچوو.

گرنگترین دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە، لەم چەند خاڵەدا کورت دەبێتەوە:

- **وەرچەرخانی کایەی سیاسی و حوکمڕانی بەرەو باڵی چەپ:** دوای کێبرکێیەکی توند، بلۆکی ئۆپۆزسیۆنی چەپ بە ڕابەرایەتی ماگدالینا ئەندەرسۆن توانی لە کۆی 349 کورسی پەرلەمان 176 کورسی بەدەستبهێنێت و بەرەو پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت هەنگاو بنێت.
- **پاشەکشەی بەرەی ڕاستڕەوی دەسەڵاتدار:** بلۆکی ڕاستڕەوی پێشوو، (تیدۆ) بە سەرۆکایەتی ئۆڵف کریستەرسۆن 173 کورسیی بەدەستهێنا، ئەمەش بووە هۆی دەستلەکارکێشانەوەی فەرمی سەرۆکوەزیرانی پێشوو.
- **پاشەکشەی مێژوویی توندڕەوەکان:** پارتی دیموکراتەکانی سوید(SD)، کە پارتێکی ڕاستڕەوی توندڕەوە، بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا بە ڕێژەی (3٪)ی دەنگەکانی کەمی کرد و بەوەش لە دووەمین گەورەترین پارتەوە دابەزی بۆ سێیەمین پارتی سیاسیی ناو پەرلەمانی سوید.
- **پێگەی دیاری کاندیدە کوردەکان:** لە نێو 19 کاندیدی پەرلەمانیی کورد، 7 نوێنەری کورد توانیویانە متمانەی دەنگدەرانی سوید بەدەستبهێنن و بگەنە ناو هۆڵی پەرلەمان، کە زۆربەیان لەسەر لیستی پارتی سۆسیال دیموکراتن.

سەرکەوتنی بلۆکی چەپ ئاماژەیە بۆ گەڕانەوەی دەنگدەرانی سوید بەرەو پاراستنی سیستەمی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و پشتگیریکردن لە کۆچبەران و سیاسەتە سەوزەکان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بەهۆی جیاوازییە توندەکانی نێوان پارتەکانی نێو بلۆکی چەپ (بەتایبەت لە نێوان پارتی چەپ و پارتی ناوەند)، پرۆسەی گفتوگۆکان بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی جێگیر، دووچاری کەند و کۆسپ و ئاڵۆزی دەبێتەوە و ئاسان نابێت.




## ئامانجی ڕێبەرەکە:

ئامانج لە ئامادەکردنی ئەم ڕێبەرە پێشکەشکردنی سەرچاوەیەکی متمانەپێکراوە بە زمانی کوردی بۆ تایبەتمەندانی بواری هەڵبژاردن، توێژەران، چاودێرانی سیاسی و میدیاکاران، تا لەبارەی بەم پرسانەی خوارەوە بەرچاویان روون بێت:

- وردەکارییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنە نیشتمانی و خۆجێییەکانی ناوخۆی سوید.
- هاوسەنگییە نوێیەکانی هێز لە باکوری کیشوەری ئەوروپا.
- ستراتیژی پارتە سیاسییەکان و پێگەی داهاتووی دیموکراسی لەو وڵاتەدا.

## پێشەکی

سوید وڵاتێکی شاهەنشاهی دەستووریی پەرلەمانی دیموکراسییە و هاوڵاتیان لە ڕێگەی دەنگدانی گشتی و ڕاستەوخۆوە لە دووەم یەکشەممەی مانگی ئەیلولی ڕۆژمێری هەڵبژاردنی هەموو ساڵێکدا، کە چوار ساڵە، دەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و لەو ڕۆژەدا دەنگ بۆ سێ هەڵبژاردنی ناوخۆی سوید[1] دەدەن، کە ئەمانەن:

- هەڵبژاردنی پەرلەمانی نیشتمانی (Riksdag) بۆ دیاریکردنی 349 نوێنەر و پێکهێنانی حکومەتی نوێ بە ڕێژەی زۆرینەی ڕەهای کورسییەکان.
- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی 21 هەرێم/ پارێزگا بۆ بەڕێوەبردنی کەرتی تەندروستی.
- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی 290 شارەوانی بۆ ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەی دانیشتووان و کەرتی پەروەردە.

ئەم هاوکاتییەی هەڵبژاردنەکان وادەکات هەریەك لەو سێ هەڵبژاردنە ڕەنگی کارتی دەنگدانەکەی جیاواز بێت و هێمای جیاکەرەوە بن بۆ ئاستەکانی دەسەڵات. هەڵبژاردنە گشتییەکانی سویدی ساڵی (2026)، یەکەمین هەڵبژاردنی گشتییە لە دوای پەیوەستبوونی فەرمیی سوید بە ڕێکخراوی "هاوپەیمانێتی باکوری ئەتڵەسی – ناتۆ"، لەگەڵ گۆڕانی بەرچاوی ئەولەویەتی دەنگدەران بەرەو کەرتی خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەم ڕێبەرە تیشکدەخاتە سەر بنەما سەرەکییەکانی هەڵبژاردنە گشتییەکانی سوید، لەوانەش "چوارچێوەی یاسایی، مافی دەنگدانی سوپا و زیندانییەکان و نەخۆشەکان، مافی خۆکاندیدکردن، جۆری سیستمی هەڵبژاردن، بەربەستی هەڵبژاردن، کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، بودجەی حکومەت بۆ لایەنە سیاسییەکان، میکانیزم سنوردارکردنی بەخشینە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، سکاڵا و تانەدان و میکانیزمی پێکهێنانی حکومەتی نوێ.

ڕێبەرەکە ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی سوید (2026) دەکاتە دەروازەیەك بۆ خستنەڕووی ئاراستەی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی پارتە سەرەکییەکان و کێبڕکێی بەردەوامی نێوان هەردوو بلۆکی چەپ و ڕاستڕەو. لە کۆتایی ڕێبەرەکەشدا پاشکۆیەك تەرخانکراوە بۆ پێگە و ڕۆڵی کورد لە هەڵبژاردنەکانی سویددا.

1) هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەورووپاش لە وڵاتی سوییددا ئەنجامدەدرێت، ماوەکەی پێنج ساڵە و دەکەوێتە مانگی ئایار یان حوزەیرانی ڕۆژژمێری ساڵی هەڵبژاردنەوە.

## کات و وادەکانی پرۆسەی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا:

رۆژی 13ی ئەیلولی 2026 بنکەکانی دەنگدان لە کاتژمێر (08:00)ی بەیانی تا (08:00)ی شەو لەبەردەم دەنگدەرانی سویددا کراوە دەبن بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی هەریەك لە پەرلەمانی سوید و ئەنجومەنی هەریمەکان و شارەوانییەکان.
بەڵام پرۆسەی دەنگدان لە یەك رۆژدا قەتیس نەکراوە، بەڵکو دەنگدەر دەتوانێت هەژدە رۆژ پێش رۆژی هەڵبژاردنەکە و لە رۆژی 26ی ئابەوە تا 13ی ئەیلولی 2026 لەو بنکانەی دەنگداندا دەنگ بدەن، کە بۆ ئەو مەبەستە دیاریکراون.

## چێوەی یاسایی هەڵبژاردنەکان:

ئەو یاسا و رێسا سەرەکیانەی هەڵبژاردنەکانی سوید رێکدەخەن، بریتین لە:

**1- دەستوری سوید:**

دەستوری سویدی ساڵی 1974، کە لە چوار یاسای بنەڕەتی پێکهاتووە، دووانیان ڕاستەوخۆ بنەماکانی هەڵبژاردن دیاری دەکەن، کە ئەوانیش بریتین لە:
1-1: یاسای بنەڕەتیی شێوازی حکومڕانی: ئەمە گرنگترین یاسایە. مافی گشتی دەنگدان، سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی، خولی هەڵبژاردن (چوار ساڵ جارێك) و بەربەستی یاسایی هەڵبژاردن (4% بۆ پەرلەمان) جێگیر دەکات.
1-2: یاسای بنەڕەتیی ئازادی ڕۆژنامەگەری و ڕادەربڕین: زامنی ئازادیی پارتەکان دەکات بۆ بانگەشە و ڕێگری دەکات لە سانسۆرکردنی زانیارییەکان لە کاتی هەڵبژاردندا.

**2- یاسای هەڵبژاردنەکان :**

یاسای ژمارە 837ی ساڵی 2005، کە چەند جارێك هەمووارکراوەتەوە، ڕێکارەکانی بەڕێوەچوونی هەریەك لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی نیشتمانی، ئەنجومەنی هەرێم /پارێزگاکان، شارەوانییەکان و هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا لە سوید ڕێکدەخات.
هاوکات، لەلایەن حکومەتی سویدیشەوە رێنمایی ژمارە (SFS2005:874) دەرچووە بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنە ئیجرائی و رێکارییەکانی هەڵبژاردنەکان، لەوانەش وەك: { کێشانی سنوری بازنەکانی هەڵبژاردن، ڕێساکانی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران و کاندیدەکان، شێوازی چاپکردن و دابەشکردنی کارتەکانی دەنگدان، شێوازی دەنگدانی بەرایی و دەنگدان لە دەرەوەی وڵات، میکانیزمی جیاکردنەوەی دەنگەکان و شێوازی دابەشکردنی کورسییەکان بەپێی داڕشتەی ژمێرەیی... هتد}.

**3- یاسای شارەوانییەکانی سوید:**

یاسای (SFS 2017-725) بە پلەی سەرەکی تایبەتە بە ڕێکخستنی کاروباری شارەوانییەکانەوە، بەڵام هاوشانی ئەوە چەند بەش و مادەیەکی یاساکە تایبەتە بە هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکانەوە، لەوانەش وەك {مافی دەنگدان، دیاریکردنی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانییەکان. بەربەستی هەڵبژاردنەکان، میکانیزمی پێکهێنانی حکومەتە خۆجێییەکان دوای دەرچوونی ئەنجامەکان..هتد}.

**4- یاسای شەفافیەتی دارایی پارتەکان:**

ساڵی 2014 یاسای بنەڕەتیی شەفافییەتی دارایی پارتەکان بە ژمارە (SFS 2014:105) دەرچوو. دواتر لە ساڵی 2018دا حکومەتی سوید بەئامانجی توندکردنەوەی ڕێوشوێنە داراییەکان و ڕێگریکردن لە گەندەڵیی دارایی و پابەندکردنی پارتە سیاسییەکان بە ئاشکراکردنی سەرچاوەی دارایی و ئەو بەخشینانەی کە بۆ کەمپینی هەڵبژاردنەکانیان وەریدەگرن، پرۆژەیاسایەکی نوێی پێشکەش بە پەرلەمانی سوید کرد. دوای گفتوگۆیەکی زۆر یاسای ژمارە (90)ی ساڵی 2018 لە ژێر ناوی "یاسای شەفافیەتی پارەدارکردنی پارتەکان" لە پەرلەمان پەسەندکرا، کە لەناو گۆڤەی یاساکانی سویددا کۆدی ژمارە (SFS 2018:90)ی وەرگرتووە و لە ئێستادا بەرکارە.

ئەم یاسایەی ئێستا لە کاتی دەرچوونیەوە چەندین جار هەموارکراوەتەوە، دوایین و گەورەترین هەموارکردنەوەی لە مانگی حوزەیرانی 2026دا بە ژمارەی (SFS 2026:1461) ئەنجامدرا. ئەم هەموارە نوێیە بە تەواوی وەرگرتنی هەر جۆرە بەخشینێکی نەناسراو یاخود بەخشینی دەرەکی (سەرچاوەی بیانی) قەدەغەکرد، جا بڕی بەخشینەکە هەرچەند بێت.

**5- ڕێساکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا** (EU Election Rules)

لە کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپادا، سوید پابەندە بە "یاسای هەڵبژاردنی یەکێتی ئەوروپا" کە چوارچێوەیەکی گشتی بۆ هەموو وڵاتانی ئەندام دادەنێت (وەك دیاریکردنی ماوەی هەڵبژاردنەکە لە سەرانسەری ئەوروپادا)، بە مەرجێك سوید بەربەستی (5٪) و سیستمی یەك بازنەیی نیشتمانی بۆ ئەو هەڵبژاردنە پەیڕەو بکات.

## ماڤی دەنگدان:

ماڤی دەنگدان لە سوید بەپێی جۆری هەڵبژاردنەکە دەگۆڕێت؛ بەڵام ئەوەی لە هەر چوار هەڵبژاردنەکەدا جێگیرە تەمەنی دەنگدەرە، کە دەبێت 18 ساڵ یان زیاتر بێت. مەرج و ماڤی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکانی سویددا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- **ماڤی دەنگدان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی نیشتمانی** (Riksdagen)

بۆ ئەوەی دەنگدەر بۆ بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانانی وڵاتی سوید ماڤی دەنگدانی هەبێت، دەبێت ئەم مەرجانەی تێدابێت:

☑ تەمەنی لە ڕۆژی هەڵبژاردندا 18 ساڵ یان زیاتر بێت.

☑ خاوەنی ڕەگەزنامەی سویدی بێت.

☑ ناوی لە تۆماری نیشتەجێبوونی سویددا تۆمارکرابێت یان پێشتر لە سوید ژیابێت.

- **ماڤی دەنگدان لە هەڵبژاردنی شارەوانی و هەرێمەکان** (Kommun & Region)

بۆ دەنگدان لەم دوو هەڵبژاردنەدا دەبێت:

☑ تەمەنی دەنگدەر 18 ساڵ یان زیاتر بێت.

☑ ناوی لە شارەوانی یان هەرێمەکەدا تۆمارکرابێت.

☑ بۆ هاووڵاتیانی یەکێتی ئەوروپا، نەرویج و ئایسلەندا دەبێت ناویان لە تۆماری نیشتەجێبوونی سویددا هەبێت (سێ ساڵەکەیان بەسەردا جێبەجێ نابێت).

☑ هاووڵاتیانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا، ئەگەر ڕەگەزنامەی نەبێت بەڵام ماڤی مانەوەی هەبێت، دەبێت لانیکەم 3 ساڵی لەسەریەك بە فەرمی لە سوید نیشتەجێ بووبێت.

- **ماڤی دەنگدان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا** (EU Parliament)

هەڵبژاردنی یەکێتی ئەوروپا پێنج ساڵ جارێکە و بۆ دەنگدان لەم هەڵبژاردنەدا دەنگدەر دەبێت ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

☑ تەمەنی 18 ساڵ یان زیاتر بێت.

☑ هاووڵاتی سوید بێت، یان هاووڵاتی وڵاتێکی یەکێتی ئەوروپا بێت و لە سوید نیشتەجێ بێت.

## 🗳 مافی دەنگدانی سەربازان، زیندانییەکان و نەخۆشەکان

لە سویددا سەرجەم سەربازان، نەخۆشەکان و زیندانییەکان مافی دەنگدانیان هەیە، ئەگەر مەرجە گشتییەکانی تەمەن و ڕەگەزنامەیان تێدا بێت. هەریەك لە دەسەڵاتی هەڵبژاردنەکانی سوید و شارەوانییەکان بۆ هەریەك لەمانە، ڕێوشوێنی تایبەت پەیڕەو دەکەن تا دەنگدانیان مسۆگەر بکەن.

> *دەوڵەتی سوید بۆ دەنگدانی سەرباز، زیندانی و نەخۆشەکان پرەنسیپێك پیادە دەکات، کە دەڵێت: **"سندوقی دەنگدان پێویستە بچێتە لای دەنگدەر، ئەگەر دەنگدەر نەتوانێت بێتە لای سندوقی دەنگدان".***

- **یەکەم: مافی دەنگدانی سوپا و هێزە چەکدارەکان**

سەربازان و ئەفسەران ئەگەر لە کاتی هەڵبژاردندا لە ئەرکی فەرمیدا بن یان لە بنکە سەربازییە دوورەکاندا بن، دەتوانن لە بنکەکانی دەنگدانی تەرخانکراو بۆ "دەنگدانی بەرایی"، پێشوەختە لە سەرانسەری وڵاتدا دەنگ بدەن. خۆ ئەگەر هێزە چەکدارەکان لە دەرەوەی وڵات بن، ئەوا لە ڕێگەی باڵیۆزخانەکانەوە ڕێکاری "دەنگدانی دەرەوەی وڵات"یان بە ناردنی دەنگ بە پۆستی پارێزراوی سەربازییەوە بۆ جێبەجێ دەکرێت.

- **دووەم: مافی دەنگدانی زیندانییەکان**

لە دەزگاکانی چاکسازی و زیندانەکاندا، وێستگەی دەنگدانی کاتی یان گەڕۆك بۆ زیندانییەکان دەستەبەر دەکرێت و لەوێدا دەنگ دەدەن.

زیندانییەکان بە شێوازێکی نهێنی و پارێزراو کارتەکانیان دەخەنە ناو زەرف و پاشان ڕەوانەی شارەوانییەکانیان دەکرێتەوە. پاسەوانانی زیندان بۆیان نییە بزانن زیندانییەکە دەنگی بە کێ داوە.

- **سێیەم: مافی دەنگدانی نەخۆش و پەککەوتوان**

بۆ ئەو کەسانەی لە نەخۆشخانەکاندا خەوێندراون یان لە ماڵەکانی خۆیاندا بەهۆی نەخۆشی و پەککەوتوییەوە ناتوانن بجوڵێن، شارەوانییەکان چەندین کارمەندی تایبەتیان بۆ تەرخان دەکات و سندوق و کارتەکانی دەنگدان دەبەنە سەر جێگەی نەخۆشەکە.

## مافی خۆپاڵاوتن:

لە هەڵبژاردنەکانی سوێددا، هەر کەسێك تەمەنی گەیشتبێتە 18 ساڵ لە یەککاتدا مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنیشی هەیە. بەڵام مەرجە ناوی کاندید لەناو لیستی پارتێکدا بێت، چونکە کاندیدی سەربەخۆ ڕێگەپێدراو نییە.

بەپێی جۆری هەڵبژاردنەکان هەندێك مەرجی خۆپاڵاوتن دەگۆڕێن، وەك مەرجی ڕەگەزنامە و شوێنی نیشتەجێبوون.

- **مافی خۆپاڵاوتن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی نیشتمانی** (Riksdagen)

☑ دەبێت هەڵگری ڕەگەزنامەی بێت.

☑ ناوی لە تۆماری دانیشتووانی سویددا تۆمار کرابێت (یاخود پێشتر تۆمار کرابێت ئەگەر لە دەرەوەی وڵات بژی).

☑ کاندیدی پەرلەمان مەرج نییە دانیشتووی ئەو بازنەیە بێت کە کاندیدکراوە تێیدا، بەڵکو دەتوانێت لە هەر بازنەیەکی تری سویددا خۆی بپاڵێوێت.

- **مافی خۆپاڵاوتن لە ئەنجومەنی شارەوانییەکان و هەرێمەکان:**

لەم دوو هەڵبژاردنە خۆجێییەی سویددا مەرج نییە کاندیدەکە هاووڵاتی سویدی بێت، بەڵکو دەرگا بۆ کەسانی بیانیش کراوەیە بەو مەرجەی هاووڵاتی یەکێتی ئەوروپا، نەرویج و ئایسلاند بێت و نیشتەجێی ئەو شارەوانی یان هەرێمە بێت و ناوی لەوێ تۆمار کرابێت.

بەڵام مەرجی خۆکاندیدکردن بۆ هاووڵاتی دیکەی دەرەوەی ئەو وڵاتانەی لەسەرەوە ناویانهاتووە، دەبێت لانیکەم سێ ساڵی لەسەریەك نیشتەجێی یاسایی بێت و ناوی لە تۆماری گشتیی دانیشتووانی سویددا تۆمار کرابێت .

بە پێچەوانەی پەرلەمانەوە، کاندیدی شارەوانی یان هەرێم دەبێت دانیشتووی فەرمیی ناو سنوری ئەو شارەوانی یان هەرێمە بێت کە خۆی تێدا دەپاڵێوێت.

- **مافی خۆپاڵاوتن لە پەرلەمانی ئەوروپا** (EU Parliament)

دەبێت هاووڵاتی سوید بێت، یان هاووڵاتییەکی تری وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بێت کە بە فەرمی لە سوید نیشتەجێیە و ناوی لە تۆماری دەنگدانی سویددا جێگیر کردووە. بەڵام کاندید ناتوانێت لە هەمان کاتدا لە زیاتر لە وڵاتێکی ئەورووپیدا خۆی بپاڵێوێت.

## میکانیزمی ریزکردنی کاندیدەکان لە ناو لیستی هەڵبژاردندا:

ڕیزکردنی لیستی ناوی کاندیدەکان لە سەرەوە بۆ خوارەوە لەلایەن پارتە سیاسییەکانی سویدەوە بەناو پرۆسەیەکی دیموکراسی ژیانی ناوخۆی پارتەکەدا دەڕوات، کە خۆی لە چەند هەنگاوێکدا دەبینێتەوە، ئەوکاتە ریزبەندیی ناو لیستی هەڵبژاردنەکە پەسەند دەکرێت.

هەنگاوەکانی ریزبەندیی ناوی کاندیدەکان لەناو لیستدا، بەم سێ هەنگاوەدا تێدەپەڕێت:

- **هەنگاوی یەکەم:**

زۆربەی پارتە گەورەکانی وەك پارتی سۆشیال دیموکرات یان مۆدێرات، لە رێگەی دەنگدانی ناوخۆیی ئەندامانی پارتەکەیانەوە ریزبەندی بۆ کاندیدەکانیان دەکەن و چیتر ئەو دەنگدانە ناوخۆییە دەبێتە بنەمای سەرەکی بۆ ڕیزبەندکردنی ناوەکان.

- **هەنگاوی دووەم:**

پارتەکە لیژنەیەکی پسپۆڕ پێکدەهێنێت، کە پێداچوونەوە بە ناوی کاندیدەکاندا دەکات. ئەم لیژنەیە هاوسەنگی دەپارێزێت لە نێوان (ڕەگەزی نێر و مێ، تەمەن، نوێنەرایەتی ناوچە جیاوازەکان و پسپۆڕی کاندیدەکان).

- **هەنگاوی سێیەم:**

لە کۆتاییدا، کۆنگرەی پارتەکە لەو بازنەیەدا کۆدەبێتەوە و دەنگ لەسەر لیستی کۆتایی و ڕیزبەندی کاندیدەکان دەدات.

دوای ئەوەی پارتەکە لیستەکەی ئامادەکرد، دەبێت پێش کاتێکی دیاریکراو (کە زۆرجار چەند مانگێك پێش ڕۆژی هەڵبژاردنەکەیە) لیستەکە پێشکەشی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی سوید بکات، بەو مەرجەی دەبێت لیستەکە لانیکەم ناوی دوو کاندیدی تێدا بێت.

> *ریزکردنی ناوی کاندیدەکان لە لیستدا بە ناو ژینگەی ناوخۆی حزبدا دەڕوات و بەر لەوەی دەنگدەرانی گشتی متمانە بدەنە کاندید، پێشتر لەلایەن دەنگدەرانی ناوخۆی حزبەکەوە متمانەی خۆی پێدراوە.*

## یەكسانی جێندەریی لە ناو لیستەكانی هەڵبژاردندا

پارتە سیاسییەكانی سوید لە ساڵانی نەوەدەكانی سەدەی ڕابردووەوە پەیڕەوی سیستمی زیپ (Zip System) دەكەن بۆ مسۆگەركردنی یەكسانیی ڕەگەزی (50٪ ژن و 50٪ پیاو) لە پەرلەمان و ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەكانی هەرێم و شارەوانییەكاندا[2].

بەپێی ئەم سیستمە، ئەگەر كاندیدی یەكەمی ناو لیستێك پیاو بێت ئەوا دەبێت كاندیدی دووەم ژن بێت و سێیەم پیاو بێت و چوارەم ژن بێت بەو شیوەیە هەتا كۆتایی لیستەكە. یان بە پێچەوانەوە، ئەگەر كاندیدی یەكەم ژن بێت ئەوا دەبێت كاندیدی دووەم پیاو بێت و سێیەم ژن و چوارەم پیاو بێت ... هتد. لەوسەریشەوە ئەگەر پارتێك لە بازنەیەكدا چوار كورسی بباتەوە، بەهۆی سیستمی زیپەوە ئەو كورسیانە بەر 2 ژن و 2 پیاو دەكەوێت.

پیادەكردنی ئەم سیستمە ئارەزوومەندانەیە و هیچ یاسایەك نییە كە پارتە سیاسییەكان ناچاربكات بەوەی دەبێت ژمارەی كاندیدانی نێر و مێ نیوە بە نیوە بێت، بەڵكو ئەمە كۆدەنگییەكی سیاسی و كێبڕكێیەكی دیموكراسی نێوان پارتەكانە، دوای ئەوەی پارتی سۆسیال دیموكرات لە ساڵی 1993 دا یەكەم پارت بوو كە ئەم سیستمەی بە فەرمی لە پێڕەوی ناوخۆی خۆیدا چەسپاند و دواتر بەهۆی كێبڕكێی هەڵبژاردن و فشارە كۆمەڵایەتییەكانەوە، پارتەكانی دیكەی وەك (پارتی چەپ، ژینگە، لیبراڵەكان و مۆدێرات) ناچار بوون ئەم سیستمە لە پەیڕەوی ناوخۆییاندا پەیڕەو بكەن بۆ ئەوەی دەنگدەرانی ژن لەدەست نەدەن.

ئەم سیستمە وایكردووە كە پەرلەمانی سوید بەردەوام لە ڕیزی پێشەوەی پەرلەمانەكانی جیهاندا بێت لە ڕووی یەكسانی جێندەرییەوە، بە شێوەیەك كە ڕێژەی ژنان لە پەرلەماندا هەمیشە لە نێوان (46٪ - 48٪)دایە.

---


2) (Zip System)/ وشەی "زێپ" بە مانای "زنجیری جلوبەرگ" دێت، بەو پێیەی كە ددانەكانی زنجیرەكە یەك بە یەك دەچنە نێوان یەكتر. لە لیستی كاندیدەكانیشدا ناوەكان لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا ئاڵوگۆڕیان پێدەكرێت. لە سوید بەم شیوازە دەوترێت "لیستی خوشك و برا " .

## رەنگی کارتەکانی دەنگدان:

لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ناوخۆی سویددا، سێ جۆر کارتی دەنگدان بەکاردەهێنرێت، کە هەر رەنگێکیان تایبەتە بە یەکێك لە دامەزراوە دەستوورییەکانی سوید. رەنگی کارتەکان بەم شێوەیەن:

- کارتی دەنگدانی پەرلەمانی سوید: ڕەنگی زەردە.
- کارتی دەنگدانی ئەنجومەنی هەرێمەکانی سوید: ڕەنگی شینە
- کارتی دەنگدانی ئەنجومەنی شارەوانییەکانی سوید: ڕەنگی سپییە[3]




## شێوازەکانی دەنگدان:


لە کاتی دەنگداندا، هەریەك لە سێ کارتەکەی دەنگدان (زەرد، شین و سپی)، بە سێ جۆر لەبەردەستی دەنگدەردایە، بۆ نموونە کارتی دەنگدانی پەرلەمان، کە رەنگی زەردە، بەم سێ جۆرە لەبەردەستی دەنگدەردایە:




**جۆری یەکەم:** ناوی پارتەکە و ناوی کاندیدەکانی لەسەرە و دەنگدەر دەتوانێت هێمای (✖) لە پارتەکە بدات و ئەگەر بشیەوێت دەتوانێت کاندیدێك لە هەمان پارت هەڵبژێرێت بە ئامانجی ئەوەی دەربچێت.




**جۆری دووەم:** تەنها ناوی پارتێکی لەسەرە و دەنگدەر دەتوانێت راستەوخۆ بیخاتە ناو زەرفێکەوە بەبێ ئەوەی هێمای (✖) لەسەر کارتی دەنگدانەکە بدات.




**جۆری سێیەم:** کارتێکی دەنگدانی بەتاڵە و دەنگدەر خۆی دەتوانێت ناوی پارتێکی لەسەر بنوسێت، بەڵام ناتوانێت ناوی کاندیدی لەسەر بنوسێت.

---

3) کارتی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا ڕەنگی سپییە.

## ژمارە و قەبارەی بازنەکانی هەڵبژاردن:

هەموو هەڵبژاردنەکانی سوید فرە بازنەیین و بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکراون:

- هەڵبژاردنی پەرلەمان (Riksdagen)


هەڵبژاردنی پەرلەمانی سوید بەسەر 29 بازنەی هەڵبژاردندا دابەشکراوە و لە 349 کورسی پێکدێت، کە بەسەر دوو جۆر کورسیدا دابەشکراوە:

- **310 کورسی جێگیر و هەمیشەیی** (Fixed & permanent Seats):

ئەم کورسیانە ڕێژەی (10/9)ی کۆی کورسییەکانی پەرلەمان پێکدەهێنێت و بەپێی ژمارەی دانیشتووان و دەنگدەرانی هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردندا دابەش دەکرێن، کە لەسەر بنەمای سنوری هەرێم / پارێزگاکانی سوید (Counties) بەسەر (29) بازنەی هەڵبژاردندا دابەشکراون و قەبارەی هەر بازنەیەکی هەڵبژاردنیش لەنێوان (2-43) کورسیدایە. بۆ نموونە ستۆکهۆڵم گەورەترین بازنەی هەڵبژاردنە و بەهۆی زۆری دانیشتووانیەوە 43 کورسی هەیە[4]. بچووکترین بازنەی هەڵبژاردنیش لە سویددا پارێزگای گۆتلاندە (Gotland)، بەهۆی کەمی دانیشتووانەکەیەوە تەنها دوو کورسی هەیە.

- **39 کورسی قەرەبووکردنەوە** (Adjustment Seats):

ڕێژەی (10/1)ی کورسییەکانی پەرلەمان پێکدەهێنێت و ناخرێنە سەر هیچ بازنەیەکی هەڵبژاردن، بەڵکو بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو پارتانەیە, کە ڕێژەی دەنگەکانیان لەسەر ئاستی نیشتمانی زیاترە لە ژمارەی کورسییەکانیان. واتە بۆ هاوتاکردنی ژمارەی کورسییەکان و ڕێژەی دەنگەکانی پارتە براوەکانە لە سەر ئاستی وڵات.




4) پارێزگا گەورەکانی وەك ستۆکهۆڵم، سکۆنە و ڤێسترا یۆتالاند بەسەر چەند بازنەیەکی جیاوازدا دابەشکراون بەئامانجی کۆنترۆڵکردنی قەبارەکەیان.

| مافی دەنگدان - ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردن - بەربەستی هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنەکانی سویددا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| جۆری هەڵبژاردن | ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردن | خولی هەڵبژاردن | ڕێژەی بەربەستی هەڵبژاردن | مافی دەنگدان |
| هەڵبژاردنی پەرلەمان (Riksdag) | 29 | 4 ساڵ جارێك | (٪4) لەسەر ئاستی نیشتمانی، یان (٪12) لە سنوری یەك بازنەی هەڵبژاردندا. | تەنها هاووڵاتیانی سوید کە تەمەنیان 18 ساڵ و سەرووتر بێت. |
| هەڵبژاردنی ئەنجومەنی هەرێم/ پارێزگاکان (Regioner) | 21 | 4 ساڵ جارێك | (٪3) لەسەر ئاستی هەرێم/ پارێزگاکە. | هاووڵاتیانی یەکێتی ئەوروپا/نۆردیك، یاخود بیانییەکانی دیکە، کە سێ ساڵە نیشتەجێن. |
| هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان | 290 | 4 ساڵ جارێك | ئەگەر شارەوانییەکە یەك بازنە بێت بەربەستەکە (٪3)یە، بەڵام ئەو شارەوانییانەی فرە بازنەن بەربەستەکەیان (٪2) | هاووڵاتیانی یەکێتی ئەوروپا/نۆردیك، یاخود بیانییەکانی دیکە، کە سێ ساڵە نیشتەجێن. |
| هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا | یەك بازنەی هەڵبژاردنی نیشتمانییە | 5 ساڵ جارێك (لە مانگی حوزەیراندا). | (٪5) لەسەر ئاستی نیشتمانی. | هاووڵاتیانی سوید و وڵاتانی دیکەی یەکێتی ئەوروپا، کە لە سوید نیشتەجێن. |

## سیستمی هەڵبژاردن (Electoral System):

سیستمی هەڵبژاردنی هەر سێ هەڵبژاردنەکەی سوید سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی/ لیستی نیمچەکراوە/ سانتلیگۆی هەموارکراوە بە پلەی (1.4).

مەبەست لە نوێنەرایەتی ڕێژەیی ئەوەیە کە هاوتابوون لەنێوان ژمارەی دەنگەکان و ژمارەی کورسییەکانی پارتێکی سیاسیدا هەبێت، واتە ئەگەر لیستێك ڕێژەی (٪25)ی دەنگەکانی بازنەی هەڵبژاردنەکەی بەدەستهێنا، لە بەرامبەردا بە هەمان ڕێژە کورسی نوێنەرایەتی بەربکەوێت.

مەبەست لە لیستی نیمچەکراوە ئەوەیە کە دەنگدەر دەتوانێت دەنگ بە کاندیدێکی ناو ئەو لیستەش بدات کە دەنگی پێداوە بە ئامانجی ئەوەی کاندیدەکە دەربچێت.

> *کاندید وەختێك دەتوانێت لە دەرەوەی ڕیزبەندییەکەی ناو لیستەکەی کورسییەك بباتەوە و ڕیزبەندیی ناو لیستەکەی بگۆڕێت، کە توانیبێتی ڕێژەی (٪5)ی کۆی دەنگەکانی بازنەی هەڵبژاردنەکەی بەدەستبهێنێت.*

میتۆدی سانتلیگۆ یەکێکە لە شێوازەکانی گۆڕینی دەنگ بۆ کورسی لە سیستمی لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەییدا، ئەویش لە ڕێگەی دابەشکردنی کۆی دەنگی هەریەك لە لیستەکان بەسەر ژمارە تاکەکاندا (1، 3، 5، 7، 9 ...هتد). بەڵام لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی سویددا "شێوازی سانتلیگۆی هەموارکراو" بە پلەی (1.4) پیادەدەکرێت، واتە لە هەنگاوی یەکەمدا لەبری ئەوەی دەنگی لیستەکان دابەشی ژمارە (1) بکرێت دابەشی (1.4) دەکرێت.

## میکانیزمی دابەشکردنی کورسییەکان:

گۆڕینی دەنگ بۆ کورسی و دابەشکردنی کورسییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی سوید بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێت:

لە قۆناغی یەکەمدا (310) کورسییە هەمیشەییەکەی پەرلەمان لە (29) بازنەی هەڵبژاردنەکەدا بە شێوازی سانتلیگۆی هەموارکراوی پلە (1.4) یەکلادەکرێتەوە.

لە قۆناغی دووەمدا (39) کورسییە قەرەبووەکە لەسەر ئاستی نیشتمانی یەکلادەکرێتەوە بۆ هاوتاکردنی ژمارەی کورسییەکان بەپێی ئەو دەنگانەی پارتە سیاسییە براوەکان لەسەر ئاستی نیشتمانی بەدەستیناهێناوە.

## بەربەستی هەڵبژاردن (Threshold):

مەبەست لە بەربەستی هەڵبژاردن ئەو ڕێژەیەیە لە دەنگ، کە دەبێت لیست و پارتە سیاسییەکان بتوانن تێیپەڕێنن، ئەگەرنا، ئەوا دەنگەکانیان نابنە کورسی و دەفەوتێت. ئەمەش وایکردووە حزبە بچووکەکان نەتوانن بچنە نێو پەرلەمانەوە. لە سێ هەڵبژاردنی سویددا بەربەستی هەڵبژاردن لەبەردەم پارتە بەشداربووەکانی هەڵبژاردندا بە ڕێژەی جیا هەیە و هەر پارتێك نەتوانێت ئەو ڕێژەیە تێپەڕێنێت، کورسی ناباتەوە و ناچێتە پەرلەمانەوە :

- بەربەستی هەڵبژاردن لە پەرلەمانی نیشتمانیدا:

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی سوییددا، دوو جۆر بەربەستی هەڵبژاردن پیادەدەکرێت:

**<u>جۆری یەکەم:</u>** دەبێت هەر پارتێکی سیاسی لەسەر ئاستی نیشتمانی لانیکەم ڕێژەی (٪4)ی کۆی دەنگەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان بەدەستبهێنێت، ئەو کاتە کورسی هەمیشەیی بەردەکەوێت.

**<u>جۆری دووەم:</u>** دەبێت پارتی سیاسی لانیکەم لە بازنەیەکی هەڵبژاردندا ڕێژەی (٪12)ی کۆی دەنگەکانی ئەو بازنەیە بەدەستبهێنت، ئەو کاتە کورسی هەمیشەیی بەردەکەوێت.

> *ئەگەر دەنگەکانی پارتێك لەسەر ئاستی نیشتمانی نەگاتە (٪4)، بەڵام لە یەك بازنەی هەڵبژاردندا لانیکەم (٪12)ی دەنگەکان بەدەستبهێنێت، ئەوا تەنها لەو بازنەیەدا کورسی هەمیشەیی دەباتەوە بەڵام لە دابەشکردنی کورسییە قەرەبووەکاندا بەشداری پێناکرێت و بێبەش دەبێت.*

- بەربەستی هەڵبژاردن لە ئەنجومەنی هەرێمەکاندا:

دەبێت هەر پارتێکی سیاسی لانیکەم ڕێژەی (٪3)ی کۆی دەنگەکانی هەڵبژاردنی هەرێمێك، بەدەستبهێنێت، ئەوکاتە کورسی هەمیشەیی لە هەرێمەکەدا بەردەکەوێت.

- بەربەستی هەڵبژاردن ئەنجومەنەکانی شارەوانیدا:

هیچ بەربەستێك لە بەردەم حزبە سیاسییە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی شارەوانی سوییددا نییە.

- بەربەستی هەڵبژاردن لە پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپادا:

دەبێت هەر حزبێکی سیاسی لانیکەم ڕێژەی (٪5)ی کۆی دەنگەکانی سەرتاسەری سوید بەدەستبهێنێت، بۆئەوەی بتوانێت بچێتە نێو پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپاوە و لەوێ کورسی بەربکەوێت.



## دامەزراوەی سەرپەشتیاری هەڵبژاردنەکان:

ئەو دامەزراوەیەی کە سەرپەشتی هەڵبژاردنە گشتییەکانی سوید دەکات، پێیدەوترێت دەسەڵاتی هەڵبژاردنی سوید - (Swedish election authority)، کە لەلایەن ئەنجومەنێکی کارگێڕیی 5 کەسییەوە سەرۆکایەتی دەکرێت:

- سەرۆکی ئەنجومەن: کە زۆرجار دادوەرێکی باڵایە.
- جێگری سەرۆك.
- سێ ئەندامی پسپۆڕ: وەك پسپۆڕانی بواری یاسا، بەڕێوەبردنی گشتی، یان - مامۆستایانی زانستە سیاسییەکان.

ئەندامانی ئەنجومەنەکە لەلایەن حکومەتی سویدەوە بۆ ماوەی 3 ساڵ دادەمەزرێن، بەڵام دوای تەواوبوونی سێ ساڵەکە، زۆرجار ماوەکەیان بۆ درێژ دەکرێتەوە یان دەکرێت دووبارە دابمەزرێنەوە. بۆ ئەوەی ئەنجومەنەکە لە یەککاتدا هەموو ئەندامەکانی نەگۆڕدرێن و ئەزموونی کارگێڕی تێدا بمێنێتەوە، کاتی دەستبەکاربوونی ئەندامەکان بە جیاواز دیاری دەکرێت (بۆ نموونە هەندێکیان لە ناوەڕاستی خولەکەدا دادەمەزرێن).

دانان و دەستنیشانکردنی ئەندامانی ئەنجومەنەکە دوورە لە لایەنگریی سیاسی و لەسەر بنەمای لێهاتوویی یاسایی و کارگێڕی هەڵدەبژێردرێن.

ئەم ئەنجومەنە وەك لایەنێکی سەربەخۆ کار دەکات و ئەرکەکانی بریتین لە:

- **تۆمارکردن:** وەرگرتنی داواکاری و تۆمارکردنی پارتە سیاسییەکان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا.
- **ئامادەکاری لۆجستی:** چاپکردن و دابەشکردنی کارتی دەنگدان، پسولەی دەنگدان و زانیاری پێویست بۆ دەنگدەران.
- **دیاریکردنی ئەنجامەکان:** دابەشکردنی کورسییەکان بەپێی ڕێژەی دەنگەکان و ڕاگەیاندنی فەرمی ناوی کاندیدە سەرکەوتووەکان بۆ پەرلەمان و پەرلەمانی ئەورووپا .

> *ئەو کارمەندانەی لەناو وێستگەکانی دەنگداندا پرۆسەکە بەڕێوەدەبەن، لەلایەن شارەوانییەکانەوە دەستنیشان دەکرێن و هەر لە ڕێگەی ئەوانیشەوە راهێنانیان پێدەکرێت و چاودێری دەکرێن لە رووی بێلایەنیانەوە.*

## هاوکاریی دارایی دەوڵەت بۆ پارتە سیاسییەکان:

هاوکاری دارایی پارتەکان لە سوید لە لایەن دەستەی دارایی پارتەکانەوە بەڕێوەدەچێت و لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت:

- **یەکەم: هاوکاری بنەڕەتی:**

هەر پارتێك بچێتە پەرلەمان، ساڵانە وەك هاوکاری بنەڕەتی نزیکەی 5,8 ملیۆن کرۆنی سویدی پێدەدرێت، کە دەکاتە زیاتر لە 605 هەزار دۆلاری ئەمریکی.

ئەگەر دەنگەکانی پارتێك لە هەڵبژاردنێکدا نەگاتە (4٪)، بەڵام لە یەکێك لە دوو هەڵبژاردنی گشتی کۆتاییدا لانیکەم (2.5٪)ی دەنگەکانی لەسەر ئاستی نیشتمانی بەدەستهێنابێت، ئەوا هاوکاری بنەڕەتییان پێدەدرێت بەڵام بە بڕێکی کەمتر (نزیکەی یەك ملیۆن بۆ دوو ملیۆن کرۆن بەپێی ڕێژەی دەنگەکانیان) بۆ ئەوەی پارتەکەیان بە زیندوویی بمێنێتەوە. خۆ ئەگەر کەمتر لە (2.5٪) بهێنێت، ئەوا هیچ هاوکارییەکی دارایی بنەڕەتی لە دەوڵەت وەرناگرێت و دەبێت تەنها پشت بە ئابوونەی ئەندامانی و بەخشینەکان ببەستێت.

- **دووەم: هاوکاری بۆ هەر کورسییەك**

دەوڵەت بۆ هەر کورسییەك کە پارتەکە لە پەرلەماندا هەیبێت، ساڵانە بڕی نزیکەی 100 هەزار کرۆنی سویدی دەبەخشێتە پارتەکە، کە دەکاتە 10 هەزار و 440 دۆلار.

- نموونەیەك بۆ ڕوونکردنەوە:

ئەگەر پارتێکی سیاسی 100 کورسی لە پەرلەماندا هەبێت:

- هاوکاری بنەڕەتی = 605 هەزار دۆلار
- هاوکاری کورسییەکان = 100 کورسی × 10,440$= 1,044,000 دۆلار
- کۆی گشتی ساڵانە = 1,649,000 دۆلار تەنها لە دەوڵەتەوە وەردەگرێت.

> *جگە لەم هاوکارییە نیشتمانییە، لەسەر ئاستی شارەوانییەکان و هەرێمەکانیش هاوکاری دارایی جیاواز بە هەمان شێوازی ڕێژەیی دابەش دەکرێت بەسەر ئەو پارتانەی کە دەچنە ئەنجوومەنە ناوخۆییەکانەوە.*

## کۆنترۆڵکردنی خەرجییەکان و سزادانی سەرپێچیکەران:

یاسای فەرمیبوونی دارایی پارتەکان لە سوید بە توندی و لە ڕێگەی دیوانی چاودێری دارایی و کارگێڕییەوە چاودێری حسابی پارتەکان دەکات.
یاساکە بۆ ئەو پارتانەی کە ڕاپۆرتی دارایی پێشکەش ناکەن، یان زانیارییەکان دەشارنەوە و بەخشینی نایاسایی (وەك بەخشینی بێناو) وەردەگرن، ئەم سزایانەی خوارەوەی داناوە:

- **سزای دواکەوتن:** ئەگەر پارتێك لە کاتی دیاریکراوی یاساییدا ڕاپۆرتی حساباتی خۆی پێشکەش بە دیوانی چاودێری نەکات، ڕاستەوخۆ غەرامەی دارایی دەکرێت.
- **غەرامەی بەخشینی نایاسایی:** ئەگەر پارتێك بەخشینێکی شاراوە یان زیاتر لەو بڕە یاساییەی دیاریکراوە لە سەرچاوەیەکی دەرەکی وەرگرتبێت، دەبێت هاوتای بڕی ئەو پارە نایاساییەی وەریگرتووە یان چەند هێندەی ئەو بڕە غەرامە بداتە دەوڵەت.
- **بڕین یان ڕاگرتنی هاوکاری دارایی دەوڵەت :**

دیوانی چاودێریی دارایی مافی هەیە سەرجەم هاوکارییە داراییەکەی دەوڵەت بۆ ئەو پارتە ڕابگرێت تا ئەو کاتەی پارتەکە هەموو سەرچاوە داراییەکانی بە ڕوونی ئاشکرا دەکات. ئەمە کاریگەرترین سزایە، لەبەرئەوەی پارتەکانی سوید بۆ مانەوەی خۆیان بە پلەی سەرەکی پشت بە هاوکاری ساڵانەی دەوڵەت دەبەستن.
یاسای سوید تەنها سزای پارتەکە وەك قەوارە نادات، بەڵکو بەرپرسی دارایی پارتەکە یان ئەو کەسەی ڕاپۆرتەکەی ئامادەکردووە بە شەخسی بەرپرسیار دەکات، ئەگەر بسەلمێنرێت کە پارتەکە بە ئەنقەست ساختەکاری لە حساباتدا کردووە یان پارەی نایاسایی شاردۆتەوە، دۆسیەکە دەخرێتە بەردەم داواکاری گشتی و دادگا و بەرپرسەکە ڕووبەڕووی تۆمەتی تاوانی ئابووری دەبێتەوە، کە سزاکەی لە غەرامەی کەسییەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە زیندانیکردن.

## نەبوونی شەفافیەتی دارایی و سەندنەوەی متمانەی گشتی:

لە کولتووری سیاسیی سویددا، شەفافییەت گرنگترین پایەیە. هەموو ئەو ڕاپۆرتە داراییانەی پێشکەش بە دیوانی چاودێری دەکرێن، دەخرێنە سەر ئینتەرنێت و بۆ ڕای گشتی و ڕۆژنامەنووسان بەردەست دەبن. ئەگەر پارتێك ناوی لە لیستی سەرپێچیکاراندا بێت، ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندی میدیاکان دەبێتەوە، ئەمەش لە ڕووی سیاسییەوە گەورەترین سزایە چونکە دەبێتەهۆی لەدەستدانی دەنگی دەنگدەران لە هەڵبژاردنی داهاتوودا.

## 📦 بڕی بەخشینی کەسانی ناسراو و نەناسراو بە پارتی سیاسی:

تا کاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، پارتە سیاسییەکان و کاندیدەکان بەپێی یاسای فەرمیبوونی دارایی پارتەکان ڕێگەیان پێدراوە "بەخشینی نەناسراو" وەربگرن، کە لە ساڵی 2025دا بڕەکەی دەیکردە نزیکەی 300 دۆلار. واتە ئەگەر کەسێك کەمتر لەم بڕەی ببەخشیبایە، پارتەکە ناچار نەبوو ناوی ئاشکرا بکات. بەڵام ئەگەر تەنانەت یەك کرۆن یان دۆلارییش لەم بڕە زیاتر بووایە، پارتەکە دەبوو ناوەکەی بە تەواوی بۆ دیوانی چاودێری دارایی سوید ئاشکرا بکات، دەنا بەخشینەکە بە نایاسایی هەژمار دەکرا و دەبوو بگەڕێندرێتەوە .

بەهۆی لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەوانییەکان و ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی OECD کە دەریانخست هەندێك پارتی سیاسی یارمەتی شاراوەی گەورە لە ڕێگەی دابەشکردنی پارەکان بۆ بڕی کەمتر لە بڕی دیاریکراو وەردەگرن، لەبەرامبەردا پەرلەمانی سوید لە پرۆژەیاسایەکدا بڕیاریدا بەربەستی بڕی پارە بۆ بەخشینی نەناسراو بە یەکجاری لاببرێت، بەبێ گوێدانە ئەوەی بڕی پارەکە چەندە.

ئەم یاسا نوێیەی کە شەفافییەتی تەواوەتی دەسەپێنێت، وا بڕیارە لە سەرەتای تەمموزی ساڵی (2027)ەوە بە فەرمی بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

## 📦 بەرزترین سەقفی بەخشینی ناوخۆ:

یاسای سوید بە پێچەوانەی زۆرێك لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپاوە، هیچ سەقفێکی بۆ بەخشینە ئاشکراکان دانەناوە. واتە هەر کەسێك یان کۆمپانیایەکی ناوخۆ دەتوانێت بە فەرمی و ئاشکرا ملیۆنان کرۆن ببەخشێتە پارتێکی سیاسی، بەو مەرجەی ناو و ناسنامەی بەخشەرەکە و سەرچاوەی داراییەکەی ئاشکرا بێت و لە تۆماری نیشتمانیدا تۆمار بکرێت بۆ ئەوەی ڕای گشتی بیبینێت.

## 📦 بەرزترین سەقفی بەخشینی دەرەکی:

هەتا مانگی حوزەیرانی 2026، سوید یەکێك بوو لەو وڵاتە کەم و دەگمەنانەی ئەوروپا، کە دەرگای لەبەردەم بەخشینی بیانیدا کردبوّوە، بەو مەرجەی شەفافییەت هەبێت. بەڵام دوای ساغبوونەوەی چەندین ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی لە میدیاکانی سویددا سەبارەت بە پێشێلکردنی بنەمای شەفافیەت لە بەخشینەکاندا، پەرلەمانی سوید لە حوزەیرانی 2026دا بە فەرمی یاسایەکی نوێی

توندی پەسەند کرد و تێیدا بە هەموو شێوەیەك بەخشینی پارەی بیانی و وەرگرتنی هەر جۆرە بەخشینێکی دارایی لە دەرەوەی وڵات بە پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانیان و ئەندام پەرلەمانەکان و کاندیدەکانی قەدەغەکرد[5]، جا بڕی پارەکە هەرچەندێك بێت (تەنانەت ئەگەر یەك کرۆنیش بێت).

سیستمی یاسایی سوید گۆڕدراوە؛ پێشتر بەخشینی بیانی بە مەرجی ئاشکراکردنی ناو ڕێگەپێدراو بوو، بەڵام ئێستا یاسای قەدەغەکردنی ڕەها جێبەجێ دەکرێت و هیچ پارتێك ناتوانێت پارە لە کۆمپانیا یان دەوڵەتێکی بیانی وەربگرێت.

## چاودێرانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی

لە هەڵبژاردنەکانی سویددا، چەمکی "چاودێر بەو شێوازە تەقلیدییە نییە کە لە وڵاتانی دیکەدا هەیە، چونکە یاسای هەڵبژاردنی سوید ڕێگە بە هەر کەسێك دەدات ببێتە چاودێر و لەبەردەم هەموو هاوڵاتییەکدا کراوەیە. واتە پێویست ناکات کەسێك باج یان مۆڵەتی فەرمی چاودێری هەبێت بۆ ئەوەی چاودێری پرۆسەکە بکات.. کەواتە:

**یەکەم: چاودێرانی ناوخۆ** پێکدێت لەمانەی خوارەوە:

- **سەرجەم خەڵك و هاوڵاتییان**، تەنانەت ئەوانەشی کە مافی دەنگدانیان نییە دەتوانن ڕۆژی دەنگدان یان لە کاتی جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکاندا ئامادە بن و چاودێری کۆی پرۆسەکە بکەن.
- **نوێنەری پارتە سیاسییەکان:** پارتە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنیش، وەك هاوڵاتی ئاسایی، نوینەری خۆیان دەنێرنە وێستگەکانی دەنگدان بە مەبەستی چاودێریکردنی چۆنێتی بەڕیوەچوونی پرۆسەی دەنگدانەکە، بەبێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی دەستوەردانیان لە کاروباری کارمەندانی ناو وێستگەکە هەبێت.
- **میدیاکار و ڕۆژنامەنوسان:** ڕۆژنامەنووسانی ناوخۆیی ئازادن لە تۆمارکردنی ڕووداوەکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی میدیایی و چاودێریکردنی ڕەوتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە.

---

[5] ( تاکە هەڵاوێردنێك لە یاساکەدا هەبێت، ئەو هاوکارییە داراییە فەرمییانەی دامەزراوەکانی یەکێتی ئەوروپایە، کە دەدرێنە پارتە سیاسییەکان لەگەڵ ئەو هاوکارییە نێودەوڵەتییە کەمەی دەدرێتە پارتە هاوپەیمانەکان بەمەبەستی داپۆشینی خەرجییەکانی بەشداریکردنیان لە کۆنفرانس یان چالاکییە نێودەوڵەتییەکانی هاوپەیمانێتییە حزبییەکان .

## دووەم: چاودێرانی دەرەکی (نێودەوڵەتی)

حکومەتی سوید و دەسەڵاتی هەڵبژاردن بۆ نیشاندانی شەفافیەتی زیاتر، پێشوازی لە شاندە نێودەوڵەتییەکان دەکەن. ئەمانە دیارترین چاودێرە دەرەکییەکانن:

- **ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری ئەورووپا (OSCE):** ئەمە سەرەکیترین لایەنی نێودەوڵەتییە کە شاندی پسپۆڕ لە لایەن ئۆفیسی دامەزراوەی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ (ODIHR)ەوە دەنێرێت بۆ سوید بە ئامانجی پشکنینی چێوەی یاسایی هەڵبژاردنەکان و چاودێریکردنی کەمپینی میدیایی و ڕێکارەکانی پرۆسەکە.
- **شاندەکانی یەکێتی ئەورووپا و ئەنجومەنی باکور (Nordic Council):** پەرلەمانتاران و شارەزایانی وڵاتانی دراوسێی سوید و ئەورووپا سەردان و چاودێری وێستگەکانی دەنگدان دەکەن.
- **ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان (INGOs):** ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانەی لە بواری دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤدا کار دەکەن.

### 🗳 جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکان و راگەیاندنی ئەنجامەکان:

بەو پێیەی لە هەڵبژاردنەکانی سویددا تەنها دەنگ بە لیست دەدرێت و ڕێگە بە کاندیدی تاکەکەسی نادرێت، لەبەرئەوە تەنها جیاکردنەوە و ژماردن بۆ دەنگەکانی پارتە سیاسییەکان ئەنجامدەدرێت. پرۆسەی جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکان ڕاستەوخۆ دوای تەواوبوونی پرۆسەی دەنگدان لە وێستگەکاندا بە شیوەی دەستی[6] دەستپێدەکات و ئەنجامە بەراییەکان لە بنکەکانی دەنگدانەوە بە تەلەفۆن دەدرێنە لیژنە ناوخۆییەکانی هەڵبژاردن و لەوێشەوە ڕاپۆرت دەکرێن بۆ فەرمانگەی ناوچەیی دەستەی باجی هەرێم و لەوێ داخڵی کۆمپیوتەر دەکرێن و پاشان ئەنجامی هەڵبژاردنەکە دەگوازرێتەوە بۆ دەستەی باجی نیشتمانی و لەوێ ئەنجامی بەرایی دەنگەکان و دابەشکردنی بەرایی کورسییەکانی پارتە سیاسییەکان بلاو دەکرێتەوە.

ئەنجامی کۆتایی و فەرمی هەڵبژاردنەکانی سوید پێکەوە و لە یەك کاتدا ڕاناگەیەندرێت، بەڵکو بەپێی جۆری هەڵبژاردنەکە دەگۆڕێت. هۆکارەکەشی ئەوەیە

---

6) لە هەڵبژاردنەکانی سویددا، پرۆسەی جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکان تەنها بە دەست (Manual counting) ئەنجام دەدرێت و هیچ جۆرە ئامێر یان تەکنەلۆژیایەکی ئەلەکترۆنی بۆ ژماردنی دەنگەکان لە بەکار نایەت.

کە ژماردنی دەنگەکانی پەرلەمانی نیشتمانی لە پێشەوەیە، دوای تەواوبوونی ئەوکات دەست بە ژماردنی دەنگەکانی ئەنجومەنی شارەوانی و هەرێمەکان دەکرێت.

ئەنجامی فەرمی و کۆتایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی نیشتمانی و پەرلەمانی ئەوروپا نزیکەی (7 - 10 ڕۆژ)ی دوای ڕۆژی هەڵبژاردن لەلایەن "دەسەڵاتی هەڵبژاردنەکانی سوید"ەوە ڕادەگەیەنرێت. بەڵام هەرچی ئەنجامی فەرمی و کۆتایی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانی و هەرێمەکانە، نزیکەی دوو هەفتە دوای ڕۆژی هەڵبژاردن لەلایەن "ئەنجومەنی کارگێڕیی پارێزگا یان هەرێمەکان"[7]ەوە ڕادەگەیەنرێت.

## سکاڵا و تانەدان و کاریگەرییەکانی:

سکاڵا و تانەدان لە پرۆسەی هەڵبژاردن یان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە ڕێگەی دەستەیەکی تایبەت و سەربەخۆوە یەکلادەکرێتەوە، کە ڕاستەوخۆ سەر بە پەرلەمانە و لە حەوت ئەندام پێکهاتووە و پێیدەوترێت "ئەنجومەنی پێداچوونەوەی هەڵبژاردنەکان".

هەریەك لە دەنگدەران و پارتە سیاسییە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن مافی پێشکەشکردنی سکاڵا و تانەدانیان هەیە و تانەدانەکە دەبێت بە شێوازی نوسراوی سەر کاغەز یان ئیمێڵ بێت و دەبێت لایەنی تانەدەر تێیدا ئەوە ڕوون بکاتەوە، کە تانە لە چ بڕیار یان چ وێستگەیەك دەگرێت و داوای چ گۆڕانکارییەك دەکات.

ماوەی یاسایی پێشکەشکردنی تانەدانەکە نابێت پێش ڕۆژی هەڵبژاردن بێت، بەڵکو دەبێت لە ماوەی لانیکەم ڕۆژێك دوای هەڵبژاردن و لانی زۆر دە ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی فەرمی و کۆتایی ئەنجامەکان پێشکەش بکرێت..

سکاڵاکە سەرەتا دەنێردرێت بۆ دەسەڵاتی هەڵبژاردن و ئەوانیش بەبێ دواکەوتن تێبینی خۆیانی لەسەر دەنووسن و ڕەوانەی ئەنجومەنی پێداچوونەوەی هەڵبژاردنەکانی دەکەن و لەوێ سکاڵا و تانەکان یەکلا دەکرێنەوە و بڕیارەکانی ئەنجومەنەکە بنبڕ و کۆتایین.

---

7) ئەنجومەنی کارگێڕیی هەرێم: دامەزراوەیەکی حکومیی مەرکەزییە و لە هەموو شارێکی گەورەی هەرێمێکدا هەیە. سەرۆکەکەی (پارێزگار) لەلایەن حکومەتی سویدەوە ڕاستەوخۆ دادەمەزرێت و ئەنجومەنەکە لە فەرمانبەرانی سڤیل و یاساناسان پێکهاتووە، کە بە بێلایەنی کار دەکەن و سەر بە هیچ پارتێکی سیاسی نین. ئەم ئەنجومەنە جیاوازە لە "ئەنجومەنی هەرێمەکان"، کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن.

.

لە مێژووی سویددا چەندین حاڵەتی دەگمەن و دیار هەبوون، کە تێیدا ئەنجومەنی پێداچوونەوەی هەڵبژاردنەکان بەهۆی سکاڵا و تانەکانەوە، ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرتاسەری شارەوانییەکی هەڵوەشاندۆتەوە و بڕیاری سەرلەنوێ دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی داوە. دیارترین نمونەیان دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی "شارەوانی بەستاد"ە لە ساڵی (2015)دا، بەهۆی دۆزینەوەی 27 کارتی دەنگدانی زیادەی پارتێکی سیاسییەوە. کە بوونە هۆی ئەوەی پارتی سۆسیال دیموکرات یەکێك لە کورسییەکانی ئەو شارەوانییە لەدەست بدات. دوای سکاڵا، ئەنجومەنی پێداچوونەوەی هەڵبژاردنەکان بڕیاریدا لەسەر بێمتمانەیی پرۆسەکە و لە ئایاری ساڵی 2015دا سەرلەنوێ هەڵبژاردنی شارەوانییەکە دووبارە کرایەوە.

*هەریەك لە دەنگدەران و پارتە سیاسییە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن مافی پێشکەشکردنی سکاڵا و تانەدانیان هەیە و تانەدانەکە دەبێت بە شێوازی نوسراوی سەر کاغەز یان ئیمێڵ بێت..*




هەڵبژاردنی نیشتمانی سوید لە 11ی ئەیلولی 2022 ئەنجامدرا و دوای کێبڕکێیەکی توندی نێوان هەردوو بەرەی بلۆکی چەپ و ناوەڕاستی فەرمانڕەوا و بلۆکی ڕاستڕەو (ئۆپۆزسیۆن)، بەرەی ڕاستڕەو توانی بە جیاوازییەکی کەم و بە بەدەستهێنانی 176 کورسی بەرامبەر بە 173 کورسی، سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و بەوەش کۆتایی بە دەسەڵاتی هەشت ساڵەی پارتی سۆشیال دیموکرات هات.


پارتەکانی بەرەی ڕاستڕەوی براوەی هەڵبژاردنەکە و پێکهێنەری کابینەی حکومەتی هاوپەیمانیی سوید، پێکهاتوون لە :

- ديموكراتەكانی سويد (SD): پارتێکی ڕاستڕەوی توندڕەوە، گەورەترین بازدانی لە مێژووی خۆیدا تۆمارکرد و توانی (73 کورسی) بەدەستبهێنێت و بەمەش لە سویددا بووە دووەم گەورەترین پارتی وڵاتەکە و هێزی یەکەمی بەرەی ڕاستڕەو.
- پارتی مۆدێرات (M): گەورەترین و سەرەکیترین پارتی ڕاستڕەوی ناوەند و لیبراڵ-کۆنەپارێزە لە وڵاتی سویددا. ئەم پارتە لە ساڵی (2017)وە لەلایەن ئولف ڕیستەرسۆن (Ulf Kristersson)ەوە سەرکردایەتی دەکرێت، کە لە ئێستادا پۆستی سەرۆک وەزیرانی سویدی بەدەستەوەیە و (68 کورسی) بەدەستهێناوە.
- پارتی ديموكرات مەسيحی (KD): پارتێکی ڕاستڕەوی ناوەند و پارێزگارە و لەسەر بنەمای بەها ئەخلاقییەکانی مەسیحییەت و گرنگیدان بە خێزان دامەزراوە، توانی (19 کورسی) بەدەستبهێنێت.
- پارتی ليبراڵەكان (L): یەکێکە لە پارتە سیاسییە مێژووییەکانی وڵاتی سوید، کە خاوەن ئایدۆلۆژیایەکی لیبراڵی کلاسیك و کۆمەڵایەتییە. ئەم پارتە لە ئێستادا

بەشێکە لە حکومەتی هاوپەیمانیی ڕاستڕەوی سوید و خاوەنی (16 کورسی) پەرلەمانە.

پارتەکانی بەرەی چەپ و ناوەڕاست (ئۆپۆزسیۆن) پێکهاتوون لە:


- پارتی سۆشیال دیموکرات (S): ساڵی 1889 دامەزراوە و لە وڵاتی سویددا بە گەورەترین و کۆنترین پارتی سیاسی دادەنرێت. خاوەن ئایدۆلۆژیایەکی چەپی ناوەند (سۆسیال دیموکرات)ە و مێژوویەکی درێژی هەیە لە بنیاتنانی سیستمی خۆشگوزەرانیی گشتی لەو وڵاتەدا. هەرچەندە لە هەڵبژاردنی (2022)دا بەرەکەی بە جیاوازییەکی کەم دۆڕا، بەڵام خۆی بە تەنیا زۆرترین دەنگی هێنا و (107 کورسی) بردەوە، بەمەش بە گەورەترین پارتی ناو پەرلەمان مایەوە.
- پارتی چەپ (V): پارتێکی ناسراوی سۆشیالیست و فێمینیستییە. ساڵی (1917) دامەزراوە و چەندین جار ناوی گۆڕیوە (پێشتر پارتێکی کۆمۆنیست بووە)، بەڵام ساڵی 1990 ناوەکەی گۆڕیوە بۆ "پارتی چەپ". لە هەڵبژاردنەکەدا (24 کورسی) بەدەستهێناوە.
- پارتی ناوەند (C): ساڵی 1913 وەك پارتێکی داکۆکیکار لە مافی جوتیاران و دانیشتوانی گوندەکان دامەزراوە. ساڵی 1957 ناوی گۆڕدراوە بۆ پارتی ناوەند. خاوەن ئایدۆلۆژیایەکی لیبرالی سەوز، فیدراڵیست و لایەنگری ژینگەیە و (24 کورسی) بەدەستهێناوە.
- پارتی سەوز (MP): لە 20ی ئەیلولی 1981 بەهۆی نارەزایەتییەکان دژی وزەی ئەتۆمی لە سوید دامەزراوەخەبات دەکات لەپێناو پاراستنی سروشت، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دژایەتیکردنی گۆڕانی کەشوهەوا. پێگەی سیاسی پارتەکە چەپی ناوەندە و خاوەنی (18 کورسی)یە لە پەرلەماندا.



| ژمارەی کورسی و ڕێژەی دەنگی پارتە براوەکان<br>هەڵبژاردنی پەرلەمانی نیشتمانیی سوید (11-11-2022) | | |
|---|---|---|
| پارتەکان | ژمارەی کورسی | ڕێژەی دەنگ % |
| پارتی سۆسیال دیموکرات | 107 | ٪30.3 |
| پارتی دیموکراتەکانی سوید | 73 | ٪20.15 |
| پارتی مۆدێرات | 68 | ٪19.1 |
| پارتی ناوەند | 24 | ٪6.7 |
| پارتی چەپ | 24 | ٪6.7 |
| پارتی دیموکرات مەسیحی | 19 | ٪5.3 |
| پارتی سەوز | 18 | ٪5.1 |
| پارتی لیبراڵ | 16 | ٪4.6 |
| پارتی دیکە | 0 | ٪1.5 |
| کۆی گشتی | 349 | ٪100 |

## پێکهێنانی حکومەتی نوێ:

دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی (2022) و دەستلەکارکێشانەوەی خاتوو (ماگدالینا ئەندەرسۆن)ی سەرۆك وەزیرانی پێشوو و سەرۆکی پارتی سۆشیال دیموکرات، پرۆسەی دانوستان بۆ پێکهێنانی حکومەت دەستیپێکرد و لەو سەروبەندەدا "ڕێککەوتنی تیدۆ"[8] لە نێوان چوار پارتی بلۆکی ڕاسترەو {مۆدێرات، دیموکرات مەسیحی، لیبراڵەکان و دیموکراتەکانی سوید}دا واژۆکرا و لە ئۆکتۆبەری ساڵی 2022دا حکومەتی نوێی سوید بە سەرۆکایەتی سەرۆك وەزیرانی نوێ "ئۆڵف کریستەرسۆن" ڕاگەیەندرا.




8 ) ڕێککەوتنی تیدۆ (Tidö Agreement): لە تشرینی یەکەمی 2022 لە نێوان چوار پارتی ڕاستڕەوی سویددا واژۆ کرا و بووە بنەما بۆ پێکهێنانی حکومەتی سوید بە سەرۆکایەتی ئۆڵف کریستەرسۆن. ناوی ڕێککەوتنەکە لە (قەڵای تیدۆ-Tidö Castle) وەرگیراوە، کە دانوستانە کۆتاییەکانی ڕێککەوتنەکەی تێدا ئەنجامدرا.

## 🗳️ پێکهێنانی حکومەت بە دەنگی "نەخێر" نەك بە "بەڵێ"

لە سیستمی پەرلەمانیی سویددا، بۆ ئەوەی حکومەتێك متمانە بەدەستبهێنێت، مەرج نییە زۆرینەی ڕەهای ئەندام پەرلەمانەکان بە "بەڵێ" دەنگی پێبدەن، بەڵکو تەنها ئەوەندە بەسە کە زۆرینەی پەرلەمانتاران (175 پەرلەمانتار یان زیاتر) دژی کابینەکە دەنگ بە "نەخێر" نەدەن.

پارتی دیموکراتەکانی سوید (SD) لە ڕێگەی ڕێککەوتننامەی تیدۆوە پابەند بوو بە پاڵپشتیکردنی ئەم حکومەتە کەمینەیە. لە کاتی دەنگدانی متمانەدا، تەواوی پەرلەمانتارانی ئەم پارتە یان بە "بەڵێ" دەنگیان بە کابینەکە دا یان دەنگیاندا بە "بێلایەن" (کە بەواتای ڕێگرینەکردن لە پێکهێنانی حکومەت دێت)، بەمەش ڕێگەیان خۆشکرد بۆ ئەوەی حکومەتەکە بە سەرکەوتوویی متمانەی پەرلەمان بەدەستبهێنێت و دەستبەکاربێت.

ئەم شێوازە تایبەتەی پەرلەمانی سوید پێی دەوترێت (پەرلەمانتاریی نەرێنی - Negative Parliamentarism)، ئەمەش واتە بۆ پێکهێنانی حکومەت، پێویست ناکات زۆرینەی پەرلەمانتاران لایەنگر بن، بەڵکو تەنها ئەوەندە بەسە کە زۆرینە دژایەتی نەکەن.

بۆ تێگەیشتنی سادەتر، پەرلەمانی سوید (Riksdag) لە 349 کورسی پێکدێت. نیوەی ئەم ژمارەیە دەکاتە 174,5، کەواتە زۆرینەی ڕەها دەکاتە 175 کورسی.

کاتێك سەرۆك وەزیرانێك دەیەوێت حکومەت پێکبهێنێت، لە کاتی دەنگداندا سێ بژاردە لەبەردەم پەرلەمانتاراندایە:

- دەنگدان بە "بەڵێ" (پشتگیری).
- دەنگدان وەك "بێلایەن" (ئامادەنەبوون بۆ ڕەتکردنەوە).
- دەنگدان بە "نەخێر" (دژایەتی و ڕەتکردنەوە).

لەم کاتەدا حکومەتەکە بە سەرکەوتوو دادەنرێت و متمانە وەردەگرێت، ئەگەر ژمارەی دەنگە "نەخێر"ەکان نەگاتە 175 دەنگ.

- **نموونەیەك** لەسەر چۆنێتی متمانەوەرگرتنی حکومەتی ئۆکتۆبەری 2022ی سوید:

لە کاتی دەنگدانی متمانە بە حکومەتەکەی ئولف ڕیستەرسۆن:

- پارتەکانی پێکهێنەری حکومەت (M, KD, L) پێکەوە بە "بەڵێ" دەنگیان دا.
- پارتی دیموکراتەکانی سوید (SD)، کە لە دەرەوەی حکومەت بوو، بە "بێلایەن" دەنگیان دا، یان بەشێکی کەمیان بە "بەڵێ" دەنگیان دا.

- پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن (سۆسیال دیموکرات، چەپ، سەوز، ناوەند)، بە "نەخێر" دەنگیان دا.

بە هۆکاری ئەوەی پارتی دیموکراتەکانی سوید (SD)، کە خاوەنی 73 کورسییە، دەنگی "نەخێر"ی نەدا، بەرەی ئۆپۆزسیۆنی چەپ نەیتوانی 175 دەنگی "نەخێر" بۆ ڕەتکردنەوەی کابینەکە بەدەستبهێنێت. بەمەش حکومەتی کەمینەی تیدۆ توانی متمانە بەدەستبهێنێت، بەبێ ئەوەی پێویستی بەوە بێت زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان بە "بەڵێ" دەنگی پێبدەن.


ئەم سیستمە یارمەتیدەرە بەوەی کە بە ئاسانی حکومەت لە سویددا پێکبهێنرێت و وڵات نەکەوێتە بۆشایی سیاسییەوە، تەنانەت ئەگەر حکومەتەکە لاواز و کەمینەش بێت.



## هەڵبژاردنی پەرلەمانی سوید (2026)

- رۆژی دەنگدان: 13ی ئەیلولی 2026

- ژمارەی کورسی: 349
- ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردن: 21 بازنــە
- ژمارەی دەنگدەرانی تۆمارکراو: 7,996,396
- ژمارەی دەنگدەرانی سەر سندوق: 6,767,429
- رێژەی بەشداریکردن: (٪84,89)
- ریژەی کاندیدانی ژن: (٪46)
- بەربەستی هەڵبژاردن (٪4)



## ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی (2026):

وەك پێشتر باسمان کرد، (349) کورسییەکەی پەرلەمانی سوید بە دوو جۆر دابەشدەکرێن؛ 310 کورسییان جێگیر و هەمیشەین و 39 کورسیشیان بۆ قەرەبووکردنەوەیە بۆ هاوتاکردنی ژمارەی کورسییەکان و ڕێژەی دەنگەکانی پارتە براوەکانە لەسەر ئاستی وڵات.

لەم خشتەیەی خوارەوەدا، ژمارەی دەنگ و کورسی جێگیر و قەرەبووی پارتە سیاسییە براوەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی سوید ڕوونکراوەتەوە:

**ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی سوید (2026)**

| پارتەکان | ژمارە و ڕێژەی دەنگ | | ژمارەی کورسی | | کورسی بەدەستهاتوو |
|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە | جێگیر | قەرەبوو | |
| پارتی سۆسیال دیموکرات | 1,895,989 | ٪28.02 | 94 | 5 | 99 |
| پارتی دیموکراتەکانی سوید | 1,183,248 | ٪17.48 | 60 | 2 | 62 |
| پارتی مۆدێرات (موحافیزکار) | 1,343,448 | ٪19.85 | 68 | 2 | 70 |
| پارتی ناوەند | 475,780 | ٪7.03 | 17 | 8 | 25 |
| پارتی چەپ | 568,781 | ٪8.40 | 27 | 3 | 30 |
| پارتی دیموکرات مەسیحی | 417,490 | ٪6.17 | 20 | 2 | 22 |
| پارتی سەوز/ ژینگە | 414,307 | ٪6.12 | 13 | 9 | 22 |
| پارتی لیبراڵەکان | 361,187 | ٪5.34 | 11 | 8 | 19 |
| پارتە دەرنەچووەکان[9] | 107,199 | ٪1,59 | 0 | 0 | 0 |
| کۆی گشتی | 6,767,429 | ٪100 | 310 | 39 | 349 |

9) لە ڕاپۆرتە سەرەتایی و خشتە گشتییەکانی دەسەڵاتی هەڵبژاردنەکانی سوید، بە مەبەستی خێرا ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان، ناوی هەموو ئەو پارتە بچووکانەی کە ناتوانن بگەنە پەرلەمان نانووسرێت. بەڵکو دەنگەکانیان پێکەوە کۆدەکرێتەوە و لەژێر ناوی "پارتە تۆمارکراوەکانی تر"دا بڵاودەکرێتەوە. پارتە ناسراوەکانی وەك "پارتی پاراستنی مافی ئاژەڵان"، "پارتی چەتەکانی دەریا Pirate Party) ، یان هەندێك لایەنی لۆکاڵی دیکەی زۆر بچووکن.

## بەراوردکاریی نێوان ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی (2022) و (2026):

- **پارتی سۆسیال دیموکرات:** بەراورد بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی (2022)، ئەم پارتە حەوت کورسی کەمیکردووە و دەنگەکانی بە ڕێژەی (٪2.24) دابەزیوە، بەڵام هەر هێزی یەکەمە لەناو پەرلەماندا..

- **پارتی دیموکراتەکانی سوید:** بەراورد بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی (2022)، ئەم پارتە یانزە کورسی کەمیکردووە و دەنگەکانی بە ڕێژەی (٪2.94) دابەزیوە و بۆتە هێزی سێیەمی ناو پەرلەمان..

- **پارتی مۆدێرات (پارێزگاران):** بەراورد بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی (2022)، ئەم پارتە دوو کورسی زیادی کردووە و دەنگەکانی بە ڕێژەی (٪0.80) بەرزبۆتەوە و بۆتە هێزی دووەمی ناو پەرلەمان.

- **پارتی ناوەند:** بەراورد بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی (2022)، ئەم پارتە **یەک** کورسی زیادی کردووە و دەنگەکانی بە ڕێژەی (٪0.39) بەرزبۆتەوە.

- **پارتی چەپ:** بەراورد بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی (2022)، ئەم پارتە شەش کورسی زیاد کردووە و دەنگەکانی بە ڕێژەی (٪1.45) بەرزبۆتەوە.

- **پارتی دیموکرات مەسیحی:** بەراورد بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی (2022)، ئەم پارتە سێ کورسی زیادی کردووە و دەنگەکانی بە ڕێژەی (٪0.86) بەرزبۆتەوە.


- **پارتی سەوز/ ژینگە:** بەراورد بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی (2022)، ئەم پارتە چوار کورسی زیادی کردووە و دەنگەکانی بە ڕێژەی (٪1.02) بەرزبۆتەوە.

- **پارتی لیبراڵەکان:** بەراورد بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی (2022)، ئەم پارتە چوار کورسی زیادی کردووە و دەنگەکانی بە ڕێژەی (٪0.79) بەرزبۆتەوە.

بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەو بەراوردکارییەوە، سەیری ئەم خشتەیەی خوارەوە بکە:

**بەراوردکاریی نێوان ژمارەی کورسی و دەنگ و ڕێژەی دەنگی پارتە براوەکان لەنێوان هەردوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی سوید (2022) و (2026)**

| پارتەکان | ژمارەی کورسی | | ڕێژەی دەنگ % | | جیاوازی ڕێژەی دەنگەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| | 2022 | 2026 | 2022 | 2026 | |
| پارتی سۆسیال دیموکرات | 107 | 99 | ٪30.3 | ٪28.1 | ٪-2.24 |
| پارتی دیموکراتەکانی سوید | 73 | 62 | ٪20.15 | ٪17.6 | ٪-2.94 |
| پارتی مۆدێرات | 68 | 70 | ٪19.1 | ٪19.9 | ٪+0.80 |
| پارتی ناوەند | 24 | 25 | ٪6.7 | ٪7.1 | ٪+0.39 |
| پارتی چەپ | 24 | 30 | ٪6.7 | ٪8.2 | ٪+1.45 |
| پارتی دیموکرات مەسیحی | 19 | 22 | ٪5.3 | ٪6.2 | ٪+0.86 |
| پارتی سەوز/ ژینگە | 18 | 22 | ٪5.1 | ٪6.1 | ٪+1.02 |
| پارتی لیبراڵەکان | 16 | 19 | ٪4.6 | ٪5.4 | ٪+0.79 |
| کۆی گشتی | 349 | 349 | ٪100 | ٪100 | ....... |




ئەنجامی هەڵبژاردنی 2026



## دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی سوید (2026):

ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی سویدی ساڵی 2026، چەند ئاماژە و دەرەنجامێکی لێدەخوێندرێتەوە، لەوانەش وەك:

### یەکەم: گۆڕانی هاوسەنگیی هێز و سەرکەوتنی باڵی چەپ:

گرنگترین دەرەنجامی ئەم هەڵبژاردنە، وەرچەرخانی دەسەڵات بوو لە بەرەی ڕاستڕەوەوە بۆ بەرەی چەپ و ناوەڕاست، کە تێیدا چوار پارتی هاوپەیمانی چەپ (سۆسیال دیموکرات، چەپ، ناوەند و ژینگە) توانییان لە کۆی 349 کورسیی پەرلەمانی سوید (176) کورسی بەدەستبهێنن. ئەمەش دەرفەتی گەڕانەوەی بۆ ماگدالینا ئەندەرسۆن ڕەخساند تا وەك سەرۆکوەزیرانی داهاتوو دەست بە گفتوگۆکانی پێکهێنانی کابینەی نوێ بکات.

### دووەم: شکست و پاشەکشەی بەرەی دەسەڵاتداری ڕاستڕەو:

بلۆکی ڕاستڕەوی دەسەڵاتدار بە سەرۆکایەتی سەرۆکوەزیرانی پێشوو ئۆڵف کریستەرسۆن، نەیتوانی متمانەی زۆرینەی گەل بپارێزێت و ژمارەی کورسییەکانی کەمیکرد بۆ (173) کورسی. ئەم کەمبوونەوەیە ڕاستەوخۆ بووەهۆی لەدەستدانی زۆرینەی پەرلەمانی و بە فەرمی دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە پۆستی سەرۆکوەزیران ڕاگەیاند، ئەمەش کۆتایی بە چوار ساڵ فەرمانڕەوایی بەرەی ڕاست هێنا.

### سێیەم: پاشەکشەی کەمەرشکێنانەی توندڕەوەکان:

پارتی دیموکراتەکانی سوید (SD)، کە پارتێکی نەتەوەیی و ڕاستڕەوی توندڕەوە، لەوەتەی بۆ یەکەمجار لە ساڵی (2010)ەوە چوونەتە پەرلەمانەوە، دووچاری شکستی ئاوا گەورە نەبوونەتەوە و بە ڕێژەی نزیکەی (٪3)ی دەنگەکانی کەمی کردووە و پانزە کورسی لەدەستداوە. پاشەکشەی ئەم پارتە بۆتەهۆی ئەوەی پێگەی "دووەم گەورەترین پارتی سوید" چۆڵ بکات و ببێتە سێیەمین پارتی ئەو وڵاتە.

### چوارەم: پارتی مۆدێرات وەك پێشەنگی بەرەی ڕاستڕەو:

سەرەڕای دۆڕانی بلۆکەکەیان، بەڵام پارتی مۆدێرات (M) بە سەرۆکایەتی کریستەرسۆن، توانی ڕێژەی دەنگەکانیان بەرز بکەنەوە و (70) کورسی ببەنەوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٪19.9)ی کۆی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی ئەو وڵاتە.

بەمەش ئەو پارتە توانی لەم خولەدا ببێتە دووەم گەورەترین پارتی سیاسی لە وڵاتدا و هێزی یەکەمی ناو بەرەی راستڕەوە.

### پێنجەم: گەشەکردنی پارتە بچووکەکانی بەرەی چەپ:

هۆکاری سەرکەوتنی بەرەی چەپ تەنها پارتی سۆسیال دیموکرات نییە (کە لە راستیدا دەنگەکانی تا ڕادەیەك کەم بۆتەوە بۆ 28٪)، بەڵکو بە هۆکاری هەڵکشانی بەرچاوی دەنگەکانی پارتی چەپ (V) و پارتی ژینگە/سەوزەکانە(MP). کە دیارە ئەم دوو پارتە سوودمەندی سەرەکی بوون لە گۆڕانی ئاڕاستەی دەنگدەران بەرەو سیاسەتی پاراستنی ژینگە و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

### شەشەم: دەستپێکردنی قۆناغی "بردنەوە بە تامی ئاڵۆزیی"


سەرەڕای ئەوەی بەرەی چەپ براوەیە، بەڵام جیاوازیی نێوان دوو بەرەکە تەنها سێ کورسییە (176 بەرامبەر 173). ئەم پێکهاتە پەرلەمانییە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە حکومەتی داهاتوو لە ژێر گوشارێکی توندی پەرلەمانیدا دەبێت. هاوکات پێکهێنانی حکومەتەکە لە نێوان چوار پارتەکەدا (بەتایبەت بەهۆی جیاوازیی جیهانبینی توندی نێوان پارتی ناوەندی لیبراڵ و پارتی چەپی سۆسیالیست) پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆز دەبێت و پێویستی بە گفتوگۆ و سازشی زۆر هەیە.

## پاشکۆ: پێگەی کورد لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی سویدی (2026)دا

لە هەڵبژاردنەکانی 13ی ئەیلولی 2026ی وڵاتی سویددا، (84) کاندیدی کورد (32 ژن و 52 پیاو) لە کێبڕکێی بردنەوەی کورسییەکانی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی ئەو وڵاتەدا بوون:

- پەرلەمانی نیشتمانیی سوید (Riksdag): 29 کاندیدی کورد،
- ئەنجومەنی هەرێمەکان (Region): 19 کاندیدی کورد
- ئەنجومەنی شارەوانییەکان (Kommun) : 42 کاندیدی کورد

دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی پەرلەمان، (7) کاندیدی کورد ( 4 ژن و 3 پیاو) دەرچوون بۆ ئەم خولەی پەرلەمانی سوید و لەو ژمارەیە شەش ئەندام پەرلەمانیان سەر بە بەرەی چەپە و یەکێکیان سەر بە بەرەی ڕاستڕەوە.



| پێگە | دەنگی کەسی | بازنەی هەڵبژاردن | پارت | ڕەگەز | کاندید |
|---|---|---|---|---|---|
| LEDAMOT ئەندامی سەرەکی | 11,420 | ستۆکهۆڵم | | ♀ | لاوین ڕێدان |
| LEDAMOT ئەندامی سەرەکی | 5,912 | ستۆکهۆڵم | | ♀ | تەلار ئەلکوردی |
| LEDAMOT ئەندامی سەرەکی | 4,210 | ڤێستەربۆتن | | ♀ | سارا گویلە |
| ئەندامی جێگرەوە ئەندامی سەرەکی | 2,840 | پارێزگای ستۆکهۆڵم | | ♀ | هانا ئەمین |
| LEDAMOT ئەندامی سەرەکی | 3,950 | ڤێستمانلاند | V | | هاوار ئاسایش |
| ئەندامی جێگرەوە ئەندامی سەرەکی | 6,845 | ستۆکهۆڵم | | ♀ | قادر قاسرگە |
| ئەندامی جێگرەوە ئەندامی سەرەکی | 3,105 | ستۆکهۆڵم | MP | ♀ | گورگین باقرچی ئۆغلۆ |



- **پرۆفایلی پەرلەمانتارانی نوێی کورد:**

▪ **قادر قاسرگە:** ئەندامی پارتی سۆسیال دیموکراتە و خاوەنی باکگراوندێکی بەهێزی کارگێڕی و سیاسییە لە شارەوانی ستۆکهۆڵم، تیشک دەخاتە سەر دۆخی کار، یاساکانی کارکردن و باشترکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە ناوچە جیاوازەکاندا.

**لاوین ریدان:** ئەندامی پارتی سۆسیال دیموکراتە و یەکێکە لە دیارترین پەرلەمانتارە کوردەکان، یاساناسە و پێشتر سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری بووە لە پەرلەمانی سوید و رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە دارشتنی سیاسەتە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکاندا.

- **تەلار الکوردی:** ئەندامی پارتی سۆسیال دیموکراتە و پێشتر ئەندامی ئەنجومەنی هەرێمی ستۆکهۆڵم بووە و پسپۆرییەکەی زیاتر لە کەرتی پەروەردە، قوتابخانەکان و باشترکردنی دەرفەتی خوێندندایە بۆ گەنجان.
- **هانا ئەمین:** ئەندامی پارتی سۆسیال دیموکراتە و کار لەسەر دۆسیەکانی یەکسانیی جێندەری، مافەکانی مرۆڤ و دژایەتیکردنی جیاکاریی لە کۆمەڵگەدا دەکات.

- **سارا گویلە:** ئەندامی پارتی دیموکراتەکانی سویدە و نوێنەرایەتی بەرەی راستڕەوی سوید دەکات و کارنامەکەی زیاتر جەخت لەسەر پرسی تێکەڵاوبوونی کۆچبەران لە کۆمەڵگە، پرسی ئاسایش و بەرەنگاربوونەوەی تاوان دەکاتەوە.

- **گورگین باقرچی ئۆغلۆ:** ئەندامی پارتی ژینگەیە و چالاکوانی بواری ژینگە و مافەکانی مرۆڤە، کار لەسەر پەرەپێدانی وزەی نوێبوەوە، گواستنەوەی گشتیی و پاراستنی مافی کەمینەکان دەکات.

- **هاوار ئاسایش:** ئەندامی پارتی چەپە و داکۆکیکارێکی سەرسەختی دادپەروەری کۆمەڵایەتییە و کار بۆ کەمکردنەوەی جیاوازی چینایەتی، باشترکردنی کەرتی تەندروستی گشتی و دابینکردنی نیشتەجێبوونی گونجاو دەکات بۆ هاووڵاتیان.

> لە دوو خولی هەڵبژاردنی رابوردوی ساڵانی (2018) و (2022)ی پەرلەمانی سویددا، شەش کاندیدی کورد توانیویانە بگەنە پەرلەمانی سوید.

## سەرچاوەکان


- The Election Act (2005:837) .
- The Election regulations (SFS 2005:874).
- PARLINE database: Search results by data modules
- https://resultat.val.se/val2022/prel/RD/rike
- English | Swedish election authority
- 2026 elections – the Riksdag and regional and municipal councils | Swedish election authority
- https://www.val.se
- https://www.riksdagen.se
- https://www.val.se
- https://www.informationsverige.se
- https://malmo.se
- https://www.val.se
- The Swedish electoral system | Informationsverige.se
- Sweden 2026 Election and Party Guide | Sweden.md
- Beslut resultat i val till riksdagen 2026

STEP for Democracy and Elections

Kurdish Institute for Elections
پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن

A Guide to the

# General elections in Sweden

## September 13, 2026

- ***Swedish parliamentary elections***
- ***Regional Council Elections***
- ***Municipal Council Elections***


*Aram Jamal*
*Head of the Kurdish Institute for Elections KIE*

*Sarbast Mustafa*
*Head of the STEP organization for Democracy and Elections*





September-2026